بەبۆنەی یەکەمینساڵیادی کۆچی دوایی **مەرزیەی فەڕیقی**

لەکۆڕی رۆژی 2006/9/21دا لە ستوکهۆلم

شاعیری مەزنی ئێران ئەحمەد شاملوو لەیادی کۆچکردنی فرووغ فەرروخزاددا لە شێعرێکدا ئەڵێت:

نێوی تو کازیوەیەو بە نێوچاوانی ئاسماندا تێپەڕ دەبێت،

- پیرۆزبێت نێوی تۆ -

لە ساڵیادی کۆچی بێوادەی ئەستێرەی گەشی ئاسمانی هونەر و خەباتی کوردستان، خاتوو مەرزیەدا یادی کەسێک دەکەینەوە کە سنووربەزێنبوو.

هەروەکوو چۆن لەم بەش بۆئەو بەشی کوردستان، بۆ مەرزیە سنوورێک لەنێوان خەبات بۆ رزگاری ژنانو تێکۆشان لەدژی نەداریو لێقەوماوی منداڵان، چەوساوەکان و بەشمەینەتان، هەروەها چالاکبوون لە دونیای هونەرو مۆسیقاو هەڵسووران لە مەیدانی خەباتو تێکۆشاندا، بەدینەدەکرا. ساڵەکانی تەمەنی کورتی مەرزیە بریتییە لە تێپەڕبوون و گواستنەوە لە ژیانی پڕلەژانو بەڵام سەربەرزانەی ناوشارەوە بۆ خەباتی شاخ، لەوێوە بۆ دونیای هونەرو موسیقا چلە کوردستان و چلە هەندەران و ئەمجارەش تێکەڵکردنی وشیارانەو لێکئاڵاندنی چالاکی هونەریو تێکۆشان بۆ ئازادیو یەکسانیو بۆ رزگاری.

لەم رەوتەدا گەشەکردنی کەسایەتی مەرزیە چلەرێگای هەڵسەنگاندنی ناوەرۆکی گۆرانییەکانی و چبە سەرنجدان بە تەرخانکردنی کاتێکی زۆر و وزەوتوانای لەمەیدانی ململانێی فەرهەنگی، سیاسیو کۆمەڵایەتیدا بەروونی دیارە.

چریکەی سروودی هەشتیمارس و بانگەوازی مرۆڤسالاری تەنانەت پاش کۆچی دوایی مەرزیەش هەر بۆنو بەرامە و دەنگ و رەنگی ئەوی پێوەدیارە. بەڕاستی ئایا ئەمە سەرکەوتنێکی مەزن نییە بۆ ژنەهونەرمەندێکی کورد و خەباتکارێکی وەکوو مەرزیە خانم؟ لەماوەی ئەم یەکساڵەدا جێگاو شوێنی مەرزیە لەناوماندا، لەکوردستان و لەهەندەران، لەناو کۆروکۆمەڵی جۆراوجۆردا زۆر دیاربووە. لەئاهەنگەکانی نەورۆزو هەشتی مارسو لە چەندین بۆنەی دیکەدا بێ مەرزیەییمان بینی و هەستمان پێکرد. بزووتنەوەی یەکسانیخوازانەی کوردستان قەرزاربارى مەرزیەیە.

| | |
|---|---|
| بەڵێ بۆ مرۆڤسالاری، | بۆ ئازادیو بۆهۆشیاری |
| بۆسەربەستی بەیەک بڕوا، | بانگی بە گشت دنیا بگا |
| ئێمەین هەموو دەکەین نەفرەت، | لەژێردەستەبوونی ئافرەت |

بەڕێز مەهاباد قەرەداغی بێژەری ئەم شێعرە لە نامەیەکدا بۆ دڵنیا گوتی:« با پێکەوە

ئاسمانێک چێبکەین بۆ هەڵفڕینی باڵندەی سترانە پەڕوباڵنەگرتووەکانی مەرزیە.»
دڵنیا ئەڵێت من بە گوتنی ئەو گۆرانییانە پردێکم دروستکردووە لەنێوان دایکم و ئەوکەسانەی خۆشیان دەویست. من ئەڵێم دڵنیا گیان سروودی هەشتی مارس و گۆرانییەکانی دیکە دروستکردنی پەیوەندییەکی پتەوو هەروەها گەیاندنی پەیامێکی گرینگە بەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەگشتیو ژنانی بەشمەینەتی کورد بەتایبەتی، واتە ئەوکەسانەی کە دایکت لێبڕاوانەو لە قووڵایی دڵەوە خۆشیدەویستن و لەپێناوی سەربەستی و ئازادی ئەواندا خەباتی دەکرد.
ژنان و کچانی کورد لەناو گۆرانیو سروودو هەڵسووڕانو هەڵوێستەکانی مەرزیەوە خۆیان دەبینییەوە؛ خەم و پەژارە، شادیو دڵخۆشی، ئومید و هیوای دواڕۆژیان بەدیکردووەو بەدیدەکەن. کەسایەتی تاقانەی ئەم ژنەبوێرە کە بەشێوەیەکی کەموێنە هەموو ژیانی کەم تەمەنی خۆی لەپێناوی سەربەستیو سەرفەرازی منداڵو مرۆڤو ژندا بەختکرد، جێگای شانازیی هەموو مرۆڤێکی ئازادیخواز و لایەنگری کۆمەڵگایەکی یەکسانە. ئەم شانازییە بەشێکی زۆری بۆ کاک ناسرو دڵنیاو ماردین و کاردۆیە.
بۆ مەرزیە سروودی وەکوو سڵاو بۆ پێشمەرگەو سروودی ژنان سەنگەرێک بوو بۆ بەگژداچوونی داگیرکاریو پاشکەوتوویی لە کۆمەڵگاداو هەروەها بۆ پارێزگاری لە ئازادی و یەکسانی.
هەربۆیە بەرزو بەرێزگرتنی مەرزیە ئەبێ ببێتە مەیدانێک بۆ بەرجەستەکردنی ئەو ئاواتو ئامانجانەی کە ئەو لەپێناویاندا تێدەکۆشا.
ئاوازەکانی مەرزیە وایانکرد کە نەک هەر خودی مەرزیە بەڵکوو ژنیکورد لەسەر نەخشەی کوردستان بەرجەستە بووەوە. لەم یەکساڵەی رابردوودا چلەلایەن کاک ناسر و چمنداڵەکان و دۆستانی نزیکەوە کۆمەڵێک بیرەوەری گێڕدراونەتەوە لەوەی کە چۆن مەرزیە لەکاتی دیتنی بێدادی و هەڵوێستی ناڕەوادا بەرامبەر بە ژنان بەبێ سڵکردنەوە دەنگی بەرزکردووەتەوە و بێباکانە لەهەر مەجلیسێکدا بووبێت، پشتگیری خۆی لە زوڵملێکراوان دەربڕیوە.
مەرزیە هەروەکوو چۆن لەسەر ئازارەکانی میللەتی کورد رادەپەڕیو هەستی دەبزووا، هەروەهاش هەرچەشنە ستەم و ئازارێک بۆسەر ژنانو کچانی کوردستان دەیورووژاند و لەهەر رێگایەکەوە بۆی کرابایە دەنگی هەڵدەهێناو لەقاویئەدا. لەم کاتانەدا ئەو بێباکانە دەنگی بەرزدەکردەوەو هەرگیز حیسابی ئەوەی نەدەکرد کە ئەم هەڵوێستەی ئەو ئاخۆ لەلایەن فڵانە لایەن و فڵانە کۆڕ و کۆمەڵەوە چۆن لێکدەدرێتەوە.
ژنانی گۆرانی بێژو هونەرمەندی زۆر هاتوونو چوون بەڵام بەدەگمەن دەبینرێت ژنێک تارادەی مەرزیە دەنگو هونەرەکەی لەناو خەباتو بزووتنەوەی گەلەکەیو چەوساوەکان و ژنانی وڵاتەکەیدا دەنگو رەنگی دابێتەوە.
مەرزیە متمانەیەک وەهای بەخۆی هەبوو کەبەتایبەت لەکۆڕو کۆبوونەوەی تایبەت بە ژنانو یان لەسەر پرسی ژنان‌دا بەبێ هیچ ئەملاو ئەولاکردنێک، بەهەبوون یان نەبوونی

مۆسیقاو تەکنیکی پێویست، دەنگی هەڵدەبڕیو بەهەر چوار دەوری خۆیدا وزەو هیواو هەستی باوەڕبەخۆبوونی بڵاودەکردەوە.

بەڵێ مەرزیە گۆرانیبیژێکی بەناوبانگو دارای دەنگێکی دڵێرو زوڵاڵبوو، بەڵام ئەگەر مەرزیە تەنیا وەکوو هونەرمەندێکی گۆرانیبێژ بناسێنین ئەوا سیمایەکی ناتەواومان لەوخانمە بوێرە کێشاوەو لە تایبەتمەندییە فرەلایەنەکانی ئەو، تەنیا هەر یەک لایەنمان بەدیکردووە.

گەورەترین رێزگرتن لە مەرزیە ئەوەیە کارێکی وەهابکەین کە لەمێژوودا ئەم لایەنانەی ژیانی بەرجەستە بکرێتەوەو وەکوو ژنە هونەرمەندێکی بەدەربەست، خەباتکارێکی پڕ وزەو تواناو هەروەها تێکۆشەرو خەمخۆرێکی منداڵانو ژنان و ئافرەتانی کوردستان یادی لێبکرێتەوە.

نێوی تو کازیوەیەو     بە نێوچاوانی ئاسماندا     تێپەڕ دەبێت،

- پیرۆزبێت نێوی تۆ -

ئەحمەد ئەسکەندەری

2006/9/21